# سیحری چایەك




چومەلای چایەکی دامێ

تاماوم دەرناچم لە چاکەی

زمانی هێندە شیرینە

ئەی دەبێت چەند شیرین بێت چاکەی

هەتا چۆڕم لە چا بڕی ،،،

من لە چاوی جوانیم ڕوانی

بە زمانی غەزەل دەدوا

من هیچم غەزەل نەزانی

ویستی بە عیشوە حاڵیم کات

کە ئەمشەو لەلام میوانی

من داوای ڕوخسەتم لەو کرد

ئەو بەناز پێلوی هەڵهانی

له داوی پەرچەموو زوڵفی

چلۆن من ببێت نەجاتم

له نازوو مەکری خۆم ڕاگرت

له عیشوەی چاوی هەڵهاتم

من له ڕازی ئەو گەیشتم

ئەو بەم دقەتەی نەزانی ،

که هەرچی هۆشوو کەماڵیبو

شاعیر بەچایەك دۆڕانی !.

باکۆ جەلال

10/ 11/ 2009 تورکیا

bako.jalal@yahoo.com

## عەیامێکه نەمبینیویت



ئاخر گوڵێ چ ئەسحابەو بێغەمبەرێ

فتوایاندا ماچ کردنی یار حەرامه نەبوه و ناکرێ

چ جا بۆ من ، سەدان بەرماڵ دەگۆڕمەوه

بەو دەستەسڕەی جوانێك لێوی پێ دەسڕێ ؟!.

سەفای بەهەشت هەر خەیاڵه

ماچێکی حەقەتم بەرێ

زۆرێك بەو ئومیدە ڕۆیشتون

نائومێد دەچنە دەرێ

ئاخر جوانێ ، دەخیلتبم کێ چوزانێ

جارێکیتر دەرفەت دەبێت

بۆ یەك بینین ، بۆ ژوانێ ؟

عەیامێکە نەمبینیویت ، کەچی ماچێکت نەدامێ

لات سەیر نەبێت گەر وەکو تۆ منیش تامی ماچم نەزانی !.

زۆرجار لێوم هێنایە پێش ، تۆ جارێك کوڵمت نەهانی !.

کێ پێی وتویت ، ماچ بە نامەحرەم حەرامە ؟ موی لێبێت سەری زمانی

باشە گەر من نا مەحرەمم ، ئەی کێ بە مەحرەم دەزانی !؟.

باکۆ جەلال

2009 /11 /14 تورکیا

bako.jalal@yahoo.com

**لە شەوێکی هەنگوینیدا**

ئەی تاقە یار خۆزگەم وە پار

لە دوێ شەودا

شەوم خەوی لێ زڕابو

هەتا بەیان ئێشکیم گرت ،

هەتا بەیان من ڕامژەنوو لایلایەی شیرینم بۆکرد ،

سەر گوزەشتەم بۆ گێڕاوەو نازیم هەڵگرت ،

باسی جوانی مانگوو تریفەی ئەستێرەم بۆ کرد ،

کەچی چاوی نەچوە خەو

لە سیمای ڕەش هەڵگەڕاویا

هەزار پرسیار ؟

هەزار هەزار ،،، توڕەیی پێوە دیاربو

دوێنێ شەوم لە هیچ شەوێکی دی نەدەچو

شەو هەر ورتەی لێوە نەهات

منیش هەروا بێ فاسیلە

باسی شەوێکی هەنگوینی خۆمم بۆ کرد ،

شەو تا ئەو کات ، ماتوو مەلوول

دەتوت ئیدی نایەتەوە !.

ورتەی لە خۆی بڕیبو

بەڵام کاتێ هەر ئەوەندەی

باسی شەوێکی پارساڵی ( دوو هەزارو هەشتم ) بۆ کرد ،

شەوی هەنگوینی گوێ لێبو ،

خێرا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو زیتەوە بو ،

هاتە زمانوو ، وتی باشە

دەی بۆم باسکە ، با بزانم لەو شەوەدا

چی گوزەرا یان چی ڕویدا ؟

گەرچی وەها فێرکرابووم کە هیچ شتێك نەگێڕمەوە ،

بەڵام شەو دەرفەتی نەدام بیرکەمەوە ، باشوو خەراپ لێك كەمەوە ،

باسیی چەندین ماچی شیرین

دەست لە ملانوو لێو مژین

زۆرێکم بۆ شەو گێڕاوە وەك خەوبینین

وەختێ بە ئاگا هاتمەوە

ئالەو ساتوو کاتەدابووم

کە لە سینەی باخی جوانی دەستم گێڕا و

بەندی سوخمەی یار ترازا بە دەستمەوە

ئیدی ئەوکات ، وەك سرووشتی هەمیشەیم

بە هەناسەیەکی قوڵوو بە شەرمەوە

داوای ڕوخسەتم لە شەو کرد

وتم ئیدی تا ئێرە بەس ، هیچی دیت بۆ ناگێڕمەوە !.

کاتێك کە سەرم هەڵبڕی

ڕوخساری شەو

هێدی هێدی خەریکبوو سپی هەڵدەگەڕا

شەو پێی وتم

پاش کەمێکی دی من دەڕۆم

ئێستا زانیم بۆچی خەوم لێ زڕابو

من ساڵ یادی هەمان شەوی پارساڵی تۆم

هەموو ئەو باسەم بینیوە ، زیاتر لەوەش کە کردت بۆم

تۆ لای هیچ کەس مەیدرکێنە

منیش بۆ ڕۆژی ناگێڕمەوە

دەیهێڵمەوە لە کونجی تاریکی دڵی خۆم

بمبورە کە نەمهێشت بنوویت

وا ڕۆژ هەڵ هات

ئیدی کاتێك بۆ من نەما

من وا دەڕۆم !..

باکۆ جەلال

2009 /71 /7 تورکیا

bako.jalal@yahoo.com

**نزای من و وەفای با**

وەرە ئەی با

ئەم شەو لەتەك شنەی گیانتا منیش ببە و بمخەرە نێو

پێخەفەکەی کەرکوکەوە و

بە ئاگرەکەی دام بپۆشە

بەڵێن دەدەم،

گەر تینی بە گیانم بگات، ورتە نەکەم

لە سەرما وشك هەڵهاتم ، لەم وڵاتە

وەرە ئەی با

دەزانم لە خەمم ناگەیت !

چونکە بۆ تۆ سنوور نییە

ڕۆژ بێت یان شەو

ئاسمان ساماڵ بێت یا تەم

ڕۆژگار خۆشی بێت یاخود پڕخەم

دونیا جەنگبێت یاخود ئاشتی

تۆ ئازادیت ، کوێت ئارەزوو بێت ، بۆی دەچیت

ئاخر خۆ تۆ وەکو من نیت !

من جێ زەدەم تۆ کۆچەریت

بیرت نەچێت ،

گەر ئەم جارە بە شارەکەمدا تێپەڕیت

سڵاوی من بەرە بۆ هاوڕێکانم

پێیان بڵێ

دووری ئەوان گیانی تەڕی وشککردوم

وەرە ئەی با

تۆ و چاوە گەشەکەی خۆرەتاو

تەنها ئەمشەو

چاوم بەرەو بە نوری دایکم ئاشنای کە

خۆ دەزانم

نەخەوتوە و چاوەڕێمە

چاوەڕوانی سۆزی برسی و ترپەی پێمە

تەنها دەستم

دەستم بەرە و

بیخەرە ناو دەستی گەرمی کیژۆڵەیەکی نیشتمانم

نەبا لە گۆ کەون لێرە

وەرە ئەی با

بەهەشتی ساردی ئەم وڵاتە ، بە من ناشێت

پڕم لە گوناە

من دۆزەخیم

بە ئاگرەکەی باباگوڕگوڕم بسپێرە

وەرە ئەی با

ئاخر نەبا عومری باقیم ، هێندە نەبێت

زۆر دەترسم بمرم لێرە

بەڵێن دەدەم ،

له لای هیچ کەس نایگێڕمەوە و باست ناکەم
گیانم بکە بە کۆلارە و دەزووی بەختم بدەرە دەست
منداڵێکیی ڕومەت خۆڵاوی شارەکەم
بەڵام ئەی با
کە دە زووەکەت دایە دەستی
پێی بڵێ بۆ خۆت سەربەستیت
تا بە دڵی خۆی ڕاموەشێنێت
سەری کاسم ، بە بەردا بدات
دەزووی عومرم بپسێنیت
کوێی ئارەزوو بوو با بمبات
بەس بە مەرجێك لەو وڵاتە دەرم نەکات .

باکۆ جەلال

5/6/2009 تورکیا